# دووفاقیەت..دووڕیانی هات و نەهات

**ئەرسەلان مەحمود**

Amk974@yahoo.com

گەلانی جێماو لە ژیان و ژیاری پەرەگرتووی ناو پرۆسە پەروەردەییە هاوچەرخەکان و دابڕاو لە قۆناغەکانی پەرەسەندن و گەشەکردووی کۆمەڵایەتی، نە ئاینە ئاسمانی وئاینزاکانن، بەرەو دنیایی خامۆش و خەفەکردنی بردوون، نەزەمانەو نەبوونی زەمینە سازیش، تەسلیمی قەدەری نەگۆڕیکردوون..هەروەك چۆن، نە حیزب و دەستەڵاتیشە، بەرەو هەڵوەشان و ناجێگیری دیوی ناوەوەی عەقڵی بردوون. بەڵکوو، بەشێك لەداب و نەریت و کولتورو ئەو ڕێسا نە نوسراوە دووفاقیانەن، بۆنەتە بەرهەمهێنەری تاك و کۆمەڵ و گووتاری نارۆشن و تاکی بێئیرادەی شکستخواردوویان خستۆتەوە. ئەوە، ئەو تێگەیشتن و پەروەردە بوونە، دووفاقیانەن، کەلەسەر شەن و کەوی، خەرمانی، بێخێری، ڕابوردوو، داهاتووی لێوەوە، وێنادەکرێت..



کۆمەڵ و کەسێتی دووفاق، ئەوانەی لەڕێگەی گرنگیدان بەسیماو خەسڵەتە، تەقلیدیەکانەوە، دەیانەوێت، پارێزگاری لە سروشت و پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان بکەن، هەمیشە لە دژایەتی خۆبەخۆدان، هەردەم لە پێناو وەدیهێنانی خواستەکانیان و جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا، جۆرێك لە دڵەڕاوکێی و تێکشکاوی بەڕەنگ و وجودیانەوە دیارەو هەستی پێدەکرێت، ئەوانە، نەتاك و کۆمەڵێکی تەندروستنیان لێدەردەچێت و نە پێکەوەش دەبنە هاونیشتیمانیەکی سەرڕاست و هیچ لە دەستهاتووی بەرهەمهێنی ئەوتۆ کە خۆیان و کۆمەڵەکەیان، لە نەخۆشیە درمیەکانی وەك دووفاقیەت وشتی تر ڕزگار بکەن.

دوور لە لێکدانەوەو تێگەیشتنی ناتەندروست، لێرەوە ئەگەر کوردەواری، بەگشتی وەربگرین، بۆ سەلماندنی ئەوەی لەسەرەوە باسمانکرد، دەبینین: سەرەڕای ئەوەی ئاین، زۆر لەکۆنەوە، تێکەڵاوی ڕێسا نەنووسراوەکانمان بووە، بەڵام بەهۆی وجودی ئەم دووفاقیەتەوە هەرگیز نەبۆتە، دەستورو یاسایەکی چەسپاوی کار پێکراو..لە ئیسلامدا، زۆرشتی وەك زیناکردن و بابەتی تر هەیە کە سزاکەی کوشتن نییە، گەرچی لە کوردەواریدا، مەسەلەکە پێچەوانەیەو بارەکە بەکوشتن کۆتایی پێدەهێندرێت، یان ئەوکاتەی دووکەس ویستوویانە، ژیانی هاوسەرێتی پێکبهێنن، خێزان و دەوروبەر بەهەر بیانوێك بووبێت، بوونەتە ڕێگر لەبەردەمیان و ئەو دووکەسەیان ناچار بەپەنابردنە بەر ڕاکردن (ڕەدووکەوتن) و پێکەوەنانی هاوسەرێتێکی ناشەرعی، واتا (لەدەرەوەی بنەما ئاینەیکان) کردووە و نەرێتە کولتوری وکۆمەڵایەتیەکانی کوردەواری لەبەرامبەردا، هاندەر بوون بۆ چاوپۆشین و بگرە کێشەکەشیان بۆ چارەسەرکردوون ودەکەن..

بە درێژایی مێژووی کۆن و نوێ،یەکێك لە خەسڵەتە هەرە دیارەکانی ترمان، ئەوە بووە کەچەندە شۆڕش و بەرخودان و بەرەنگاربوونەوەمان، لە پێناو ڕزگاری نیشتیمانی و نەتەوەیدا کردبێت، ئەوەندەو بگرە زیاتریش داکۆکیمانکردووە، لە مانەوەی بنەما کولتوری و داب و نەرێتە سواوەکان، تەنانەت سەرباری داگیرو دابەشکراوی خاکەکەشمان، بە زیندوویی هێشتومانتەوە وتا ڕۆژگاری ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت، پارێزگارییان لێدەکەین. ئەوە لەکاتێکدا، هەر زەمان و زەمینەو واقیعێکی کۆمەڵایەتی، ڕێساو دەستوری تایبەتی خۆیت لێداوا دەکات، بەڵام کوردەواری، چوەك تاك و چوەك کۆمەڵێکی دووفاقی، هەرگیز گوێی بەو حەقیقەتانە، نەداوەو پێی وابووە، باوك و خێزانی ئەمڕۆ، چۆن ژیاون و هەڵیانکردووە، نەوەی دوای ئەوانیش، بائاوا خۆیانبژێنن و بگونجێنن!!؟..ئایندەبینیمان نەکردۆتە خەمی خۆمان، تابکارێین داهاتوویەکی ڕۆشن وساغڵەم دابین بکەین..ئاین پەروەربووین و تائێستاشی لەگەڵدابێ، پەیوەستی چەسپاندنی تەواوی پرنسیپ وبنەما ئاینیەکان نەبووین و نین، هەین و تا ئێستاشی لەگەڵدابێ پەوەستی پەرەپێدانی بوارە ژیاری و پەروەردەییە هاو چەرخەکان نەبووین و نین، خۆمانداوەتە دەستی قەدەر و نەوەیەکی لە هەرکاتێك زیاتر دووفاقیمان خستۆتەوە...

ئەو بابەت و باوە دەشێ، لە کۆمەڵگا هاوشێوەکانی تریشدا، ڕوویاندابێ و ڕووبدەن و هەمان ماناو مەغزای دووفاقیەت وەربگرن، بەڵام مەترسیەکە بۆ کوردەواری چۆتە ئاستێکی جوداو ڕژاوەتە نێو کایەو مایەی سیاسییەوە، کەوابوو ئەوە ئەو کۆت و پێوەندە کولتوریەن، دووفاقیەتیان، بەباڵای حیزب و دەستەڵاتیشدا بڕیوە، ئەگەر هەر لایەنێك لەلایەنە سکۆلارەکانمان، درێژکراوەی ئەو جۆرە ململانێ و دووفاقیەتەبن، ئەوا حیزبە ئیسلامیەکانیش، نەکەوتوونە، دەرەوەی ئەم حەقیقەتەو ئەوەتا یەکگرتوو لەپڕوپاگەندەی هەڵبەژاردنەکان و لەدروشمەکانیاندا، داوای کۆمەڵێکی مەدەنی لە چوارچێوەی ئاکاری ئیسلامیدا، دەکەن، بەو ئامانجەی کۆنەپارێزی تێکەڵاوی بەها ژیاریەکان بکات، بەم هەڵوێستە دووفاقیە، دەیەوێت، پێمانبڵێت، ئاکاری حیزبی ئەحزابی ئیسلامی( کە وەك حیزبێکی ئیسلامی، هیچ هۆکارێکی خۆیی و بابەتی لەپشت، سەرهەڵدان و

دامەزراندنیانەوە، نییەو لەو ڕۆژەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام هاتۆتە نێو یاساو ڕێسا کۆمەڵایەتیەکانی کوردەواری، چجۆرە چەوسانەوەیەکی ئاینی لە وڵاتی ئێمەدا نەبووە و نیە..) بەرهەمی بیابان نیە وممارەسەی شتێکی خوازراو نامۆ ناکەن !!..

بەگشتی، تاك و کۆمەڵی کوردەواری، نەمانتوانیوە، خۆمان لە دوێنیٰ، جیابکەینەوە، هەربۆیەش بەشی هەرەزۆری بانگاشەوبانگەوازەکانمان، جگە لە دەسخەرۆدانی خود، چێکی تریان لێنەکەوتۆتەوە..لەلایەك پیاوەتیمان کردۆتە، پشتووپەنای فێمینستی و ئافرەتیش بێئاگا لەمەرام و مەودا دووفاقیەکانی عەقڵیەتی پەرەگرتووی پیاوەتیمان، پێشوازی لەوجۆرە گەمەیە دەکەن، نابینن دۆزەخێکمان لەماڵەکاندا، بۆ دروستکردوون وباوەڕیشیان بەوە هەیە، لەدەرەوە، جەننەتێکیان بۆ بخوڵقێنین!!..

ئەمەو زۆر نمونەی سەیرو سەمەرە ئامێزو بەرجەستەتر، خستویانینەتە، سەر دوڕیانی هاتوونەهاتێك، کە یەکێکیان، بەرەو گەڕانەوەو شۆڕبوونەوە بەڕابوردووداو ئەوەی تریان گۆڕانە، بەرەو ژیارییەکی هاوچەرخ، سەرئەنجام، لەترسی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆنە خوازی، تەنها بە پەروەردەکردنی هۆش و دیوی ناوەوەی عەقڵمان نەبێت، بەوحاڵەوە، نەدەکارێین، واز لە گیانی دووفاقیەت بهێنین و نەدەشتوانین نوێگەری قبوڵیبکەین و پێەوە پەیوەستببین..

تاك و کۆمەڵی ئێمە، پێویستی بەخۆڕزگارکردن و پەروەردەکردنی نەفسەوە هەیە، فاروق ڕەفیق لەکتێبی ( ئاشتکردنەوەی عەقڵ و عیشق ـ ل_ 138 ) دا دەڵێت" نەفس لە ئامێرێکی مۆسیقی دەچێت و کاری پەروەردەیە کە تەل و ژێکانی ئەو ئامێرە ڕێك بخات، ژێێك توند بکاتەوەو ژێێکی دی خاو بکاتەوە، تاوەکو هاڕمۆنییەك دروست بێت لەجیاتی ناڕێکی و ئاژاوە..." پەیوەندی تاك بەکۆمەڵ، دەبیٰ لەو وێناکردنەوە، هەنگاو هەڵگریٰ و پەروەردەبکرێت، بە پێچەوانەوە، مەلەکردن لەدەریایی دووڕویی و دووفاقیەتدا، تاکەکان لەیەکتری و دواتر لەکۆمەڵ، دوور دەخاتەوەو ئەوەندەی تر گۆشەگیریان دەکات، ئەوکاتەش، هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگا، بێگومان بە دیوە ناتەندروستیەکەی، دەبێتە خەونێکی مەترسیداری هەمووان..